# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Referendum for Kurdistan

## بانگەوازێك بۆ کۆمیتە و هەڵسوراوانی "بزوتنەوەی رفراندۆم"

**بەڕێزان**

وەك ئاگادارن لەلایەن سەرۆکی هەڵنەبژیراوی عیراقەوە ، غازی عجیل یاوەر هێرشیکی شۆڤینیستانە کراوەتە سەر خەڵکی کوردستان و مافی جیابونەوەو سەبەخۆبونی. یاوەر ڕوو بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری کە ئێوە ڕێکتان خست و شیعاری رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی تێدا بەرزکرایەوە لەلایەن جەماوەرەوە هاتە قسە و بوە نوێنەر و ئاڵاهەڵگری شۆڤینیزمی عەرەبی بەرامبەر خەڵکی کوردستان. بەم کارە یاوەر "حکومەتی کاتی " لەسایەی ئەودا کردە بەرپرسی سازکردنی هەر نەخشە و جەوێکی شۆڤینیستانە کە هەڕەشە لە ئەمڕۆ و سبەینێ خەڵکی کوردستان دەکات.
بەداخەوە بەرپرسانی باڵای "بزوتنەوەی رفراندۆم" لە کوردستان لەبەرامبەر ئەم هێرشەی یاوەر و حکومەتی کاتی عێراقدا هەڵوێستی بێدەنگیان هەڵبژارد و لەم کاتە حەساسەدا هیچ مەسئولیەتێکیان لە خۆیان نیشان نەدا بۆ دیفاع لە مافی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی هەوڵی شۆڤینیستانەی یاوەر و حکومەتە کاتیەکەی ژێرسایەی ئەو.
ئەمە بۆ جاری دووەمە کە ئەم سیاسەتی بێدەنگ بونە لەبەرامبەر مافی جیابونەوە و سەربەخۆیی کوردستاندا لە بەشی سەرەکی و ڕەسمی بەرپرسانی "بزوتنەوەی رفراندۆم" لە کوردستان دەبینرێ و بەعەمەلی ئەم هەڵویستەیان دەکاتە ئەوەی کە ناتوانن سیاسەتی پاریزگاری کردنی جدی لەمافی رفراندۆمیش پەیڕەو بکەن.
هەموو لایەك ئاگاداری هەڵویستی بەشێك لە بەرپرسانی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم هەبوو کە بەناوی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان لە مانگی شوباتی 2004 چوونە بەغداد و لای مەجلسی حوکم و پول بریمەر ڕایانگەیاند کە خوازیاری مانەوەن لە عێراقدا و بەم کارەیان شەرعیەتی نوێنەرایەتی کردنی رفراندۆمی خەڵکی کوردستانیان لەخۆیان سەندەوە و بەم کارە ڕوبەڕوی نارەزایەتیەکی فراوانی ئەو دوومليۆن کەسەی ئیمزایان بۆ رفراندۆم کردبو نەك بۆ مانەوە لە عێراقدا بوونەوە.
لەم دوو ڕوداو و دوو بڕگە مێژوویی‌یە حەساسەدا پێویستە سەرچاوەی کەم وکورتی سیاسەتی پیادەکراوی بزوتنەوەی رفراندۆمان لەوەدا بۆ دەرکەوێت کە مافی جیابونەوە و خواستی سەربەخۆبونی خەڵکی کوردستان لە بزوتنەوەی رفراندۆم جیاکراوەتەوە و هیچ دیفاعێك لەم خواستی سەربەخۆیی‌یە ناکرێت.
لەکاتیکدا هەدەفی خەڵکی کوردستان لە رفراندۆم بەرپاکردن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و پیادەکردنی مافی جیابونەوەیانە لە عێراق . ئەمە ئەوەندە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تەنانەت پێویست بەوەناکات نمونەی ئەو

**PO BOX 1575 ILFORD IG1 3B2**
**TEL:00447795330896 &00447734704742**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com & d.jamal@ntlworld.com**
**www.kurdistanreferendum.net**

# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Referendum for Kurdistan

رفراندۆمە تەجریبیانەی ئێمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان لەساڵی 1997وە لە کوردستان ولەدەرەوە بە ئیمزاکۆکردنەوە کردومانە یاخود لە کۆتایی تەموزی ئەمساڵدا خۆپیشاندانی سلێمانی بۆسەربەخۆیی نیشانیداوە. هەربۆیە رفراندۆم لە کوردستاندا بۆ پرسی جیابونەوە وسەربەخۆیی‌یە نەك بۆ مانەوە و فیدرالیزم. ئەم سیاسەتەی ئێستا زاڵە بەسەر " بزوتنەوەی رفراندۆم"دا بریتی‌یە لە سڕینەوەی پرسی سەربەخۆیی و دانانی فیدرالی یان بێ دەنگی وبێ‌پرسی. هەربۆیە ناشتوانن دیفاعی جدیش لە خودی رفراندۆم بکەن و کەشتی دەنگەکانیان لەو ئاوە مەنگ و نادیارەی فیدرالیزمدا ڕاگرتوە کە سیاسەتی یەکێتی وپارتی‌یە نەك خواستی خەڵکی کوردستان . ئەم وابەستەیی‌یە سیاسیەی "بزوتنەوەی رفراندۆم" بە ئەحزابی حاکمی کوردستانەوە دەستی ئەم بزوتنەوەیەی لەهەرکارێکی سەربەخۆ بەستوە . نمونەی زەقی ئەم ڕاستیە ئەم بێ‌دەنگی و خۆلادان لە دیفاع لە سەربەخۆیی کوردستانە لەبەرامبەر هێرشی شۆڤینیستانەی یاوەردا.

بێ گومان ئێستا بەشێکی زۆر لەو جەماوەر و هەڵسوراوان وبەشێك لەو کۆمیتانەی "بزوتنەوەی رفراندۆم" کە ناڕازین بەرامبەر هەڵویستە ڕەسمیانەی لیژنەی باڵای رفراندۆم لە کوردستان ، هەڵویستی خۆیان مەسئولانە دەربڕیوە و بەعەمەلی خۆیان لەو سیاسەتی بێ‌دەنگیە لەبەرامبەر دیفاع لەمافی خەڵکی کوردستاندا بۆ سەربەخۆیی دەربڕیوە و دەزانن کە هەر باس و دیفاعێك لە رفراندۆم بەبێ بەرزکردنەوەی خواستی سەربەخۆیی و داناى وەك پرسی رفراندۆم و دیفاعکردنی جدی لێی ئیمکانی نی‌یە. ئەمە یاوەریش دەیزانێ وئێمەش دەیزانین . هەربۆیە کاری جدی ئێمە بۆ سەرخستنی خواستی رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ئەمڕۆ لە کەناڵی بەرپەرچدانەوەی "یاوەر" و دیفاع لە مافی سەربەخۆیی کوردستانەوە تێپەڕ دەبێت . خواستی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەبێت لە ئاستی عێراق و نەتەوەیەکگرتوەکاندا بسەپێنین و هەموو هێزی ناڕازی خەڵکی کوردستان و پشتیوانی نیونەتەوەیی بۆ کۆبکەینەوە. ئێمە هاوکاری هەموو ئەم جەماوەر و کۆمیتە و هەڵسوراوانەی رفراندۆم دەکەین و بانگەوازیان دەکەین کە پێکەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی توندی هەڕەشە شۆڤینیستانە بەشداری چالاکانە لە "کەمپینی دژی بانگەوازەکەی یاوەر " بکەن و هەڵویست و ڕیزی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیەنن و بانگەوازی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان بکەن.

## کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

2004/10/14

**PO BOX 1575 ILFORD IG1 3B2**
**TEL:00447795330896 &00447734704742**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com & d.jamal@ntlworld.com**
**www.kurdistanreferendum.net**